فریشتەکان هاوەڵی کۆمەڵێک نابن ئەگەر سەگ یان زەنگیان تێدا بێت

لە ئەبی هوریرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:
«فریشتەکان هاوەڵی کۆمەڵێک نابن ئەگەر سەگ یان زەنگیان تێدا بێت».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە فریشتەکان هاوەڵی کۆمەڵێک نابن لە سەفەردا ئەگەر سەگ یان زەنگیان لەگەڵدا بێت، ئەم زەنگانە هەندێك جار بە ئاژەڵانەوە هەڵدەواسرێن وکاتێك ئاژەڵەکان دەجووڵێن ؛ دەنگیان هەیە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8951